**وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی**
**ژمارە :٦٦٤٥ لە ٢٠٢٣/٩/٧**

بەپێی ئەو دەسـەڵاتەی پێمانـدراوە لە ماددەی (٧) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

**بەیانی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢٣**

١- هێنانە کایەی (استحداث) کردنی هۆبەی (یاسایی) لە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کەمئەندامان سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشـتی چاودێری و گەشـەپێدانی کۆمەڵایەتی دهۆک بەمەبەسـتی زیاتر بەدواداچوونی کاروبارەکانی کەم ئەندامان .

٢- ئەم بەیانە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان کاری لەسەر دەکرێت .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی**

---

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسـەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

**بەیانی ژمارە (٣٧)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی بەشی (گرێ بەستە گشتییەکان لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٨/٢٧.

**بەیانی ژمارە (٣٨)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی بنکەی تەندروسـتی (فریاکەوتنی خێرا ١٢٢ ی بازگەی شـاوێس ) لە ناو یانەی ئەسـپ سواری هەولێر لە بەشی کردە پزیشکیەکان سەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٨/٢٧.

**بەیانی ژمارە (٣٩)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی سـەنتەری (نەشـتەرگەری چاندنی گورچیلە ) لە نەخۆشـخانەی هەولێر فێرکاری سـەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٨/٢٧.

**د. سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**